# یان کەرج و قاسمەرەش یان تێکشکاندنی داگیرکەران.... .

**کوردی**

شتێکی بەڵگە نەوویستە شۆرشی ئەیلول مەزنترین شۆرشی باشوری کوردستان بوو بەلاّم بە چەککردنی هێزی پێشمەرگەی ئەم سەردەمە میللەتی کورد تووشی زیانێکی یەکجار کوشندە بوو وە سەرکردایەتی پارتی لە ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەلات و کەرج و ئێران جێ نیش بوون، هەندێ لە مەفرەزە چەکدارەکانیان زیندوو کردەوە بۆ چالاکی سەربازی بەلاّم بەداخەوە بەپێی پێوویست نەبوو. بەلاّم هەروەک سەلماندراوە بۆ جیهان میللەتی کورد میللەتێکی قارەمانە و قەت لەناو ناچێ.

پاش تێکچوونی شۆرشی ئەیلول، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مەشخەلی شۆرشی هەلگرتەوە لەگەلّ درندەترین دیکتاتۆریەت جەنگاو هەزاران قوربانی پێشکەش بە کوردستان کرد. کاتێک دووژمن هەراسان ببوو بەو زەبرەی کە لەلایەن هێزی پێشمەرگە بەری ئەکەوت پەنای بۆ بێگانەکانی دژ بەکورد برد تاوەکو پڕ چەکی کیمیاوی و چەکی کۆمەلّ کوژی بکەن. بەلێ دوژمن توانی لە ماوەیەکی کورتدا پێنج هەزار گوند وێران بکات و زیاتر لە ۲۰۰ هەزار کورد ئەنفال بکات وە هێزی پێشمەرگەش لە قاسمەرەش خۆی بگرێتەوە.

کورد بەتێک شکاندی هەر دوو شۆرش وورەی بەر نەداو هەستی کوردایەتی لەناو نەچوو لە کاتێکدا دووژمن بە هەموو توانایەکی ئەیوویست کورد بن بڕ بکات.

میللەتی کورد چاوەروانی دەرفەتێک بوو لە بەعسیەکان ڕاپەرێت و کوردستان ئازاد بکات ئیتر وەک میللەتانی تر بە ئاسودەیی و خۆشی بژێت. ئەم دەرفەتەش بۆ کورد هاتە پێش لەکاتێکدا سەدام کوێتی داگیرکرد. ئەم دەست درێژیەی سەدام بۆ سەر کوێت هیوایەکی دایەوە کورد کە ئەویش سەدام لەم جەنگە بدۆرێنێت و چەکە کوشندەکانی نەمینێت.

هێزی پێشمەرگە دەستێکی بالاّیان هەبوو لە ڕاپەراندنی کورد و ئازادکردنی کوردستان بەلاّم بەقەت سوودی ئازادکردنەکە زەرەری هەبوو ئەویش نەهێشتنی هەستی کوردایەتی بوو.

دووژمن بە هەموو هێزی خۆی نەی توانی هەستی کوردایەتی بخنکێنێ بەلاّم شەری براکوژی و نارەوای یەکێتی و پارتی قەنارەیەکیان بۆ هەستەکانمان هەلخست کە زۆریان خنکاند و زۆریش ئێستا لە پەلەقاژەدان. ئەگەر ئەم پەتە نەپسێنن ئەوا هەستی کوردایەتی لە باشور بە یەکجارەکی لە ناوئەچێ.

بەلاّم چۆن ئەم هەستە زیندوو ئەکەنەوە؟!

سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، ئێوە داوای لێبوردنتان لە گەل کردووە وە گەلیش لێتان ئەبورێ بەلاّم گەل داوای کوردستانی سەربەخۆ ئەکات و چارنووسی دیاری کراوی ئەوێ. ئێوە دەبێ هێزەکانتان یەکبگرێتەوە دژ بە داگیرکەران ڕاوەستن و بەرگری لە کورد بکەن. جارێکی تر چەک دانەمالّن و نەچنەوە قاسمەرەش و کەرج.

هەر ئێوە بۆ خۆتان خۆش نییە ئەم شارە ڕەنگینانە بە جێ بێلن و بچنەوە شاخ و کێوان. با ئەم شەرە شەری چارەنووس بێت لە پاش ئەم شەر چی تر ڕۆلەی کورد ئازار نەکێشێت و بە شاخ نەکەوێت.

میللەتی کورد دڵی هێندە سافە لێتان ئەبورێت بەڵام چی تر بە هەڵە سیاسیەکانتان کورد مەفەوتێنن پێوستە گوێ ڕایەلی کەسانی شارەزا بن پرس بە هەموو هێزێکی سیاسی کورد و بێ لایەن بکەن ئیتر ئەم هێزە کوردیە چ باکوری بێت یاخود ڕۆژهەلاتی بێت یاخود پرس بەو هێزە نوێ یە بکەن کە تازە درووست بوو ئەویش هێزی خۆپێشاندەرانە. ئەوەتا کورد لە وولاتانی ئەوروپا خۆپێشاندان ساز ئەکات و درووشمی پیرۆزیان هەلگرتوە کە بۆتە هێزێکی کاریگەر، ئێوە دەبێ لە ویستی خەلک بگەن. ئەگەر چی ئەم کەسانەی کە خۆپێشاندان سازئەکەن لە هەزاری یەک لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئێوە نییە بەڵام هەرکەسێک لە ئاستی خۆیەوە هەست بە لێپرسراوەیی ئەکات بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆی بەڵام ئێوەش کارێکی وا نەکەن کە بڕوای کورد بدۆرێنن. لە ڕاپەرینی ٩١ دا کە کورد خۆپێشاندانی مەزنی سازدا ئێوە بێ پرسی کەس چوون ڕوومەتی سەدامتان ماچ کرد و خەلکتان کشاندەوە لە کوردایەتی با ئەم هەڵانە دووبارە نەبێتەوە. ئەگەر ئێوە تێک بشکێن ئەم جارە میللەت بەیەک جاری وورە بەر ئەدات و شۆرش جارێکی تر لە باشور سەرهەڵناداتەوە چونکە هەستی کوردایەتی لە باشور بەیەکجارەکی کز بووە کەس جارێکی تر بە دووای شۆرش ناکەوێتەوە. ئێوە دەبێ شەری مان و نەمان بکەن لەگەڵ تورکیا بێت یاخود لەگەڵ سەدام بێت ئەگەر سەدام هێرش بکاتە سەر باشوری کوردستان هەر بۆ کوردیش نەبێت بۆ خۆتان بیکەن با جارێکی تر ئێوە نەچنەوە شاخ. شاری سلێمانی مەدەن بە قاسمەرەش و شاری هەولێر و دەهۆک مەدەن بە کەرج.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.
ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣